


# هونەرمەند، شێرکۆ تاڵب چەند خزمەت بە فۆلکلۆرو ڕابردوو دەکرێت، دەبێ ئەوەندەو زیاتریش خزمەت بە هونەری نوێ بکرێت

## دیمانە\ ئاسۆ- ستیڤان شەمزینانی

هونەرمەند شێرکۆ تاڵیب یەکێکە لە دەنگە نوێیەکانی گۆرانی کوردیی، نوێ بەمانای کارکردن بەستایڵی تازەتر و جیاواز، بۆئەوەی دڵی ئاوالاّ بکەین و کەمێك لەسەر هونەرەکەی دەمەتەقێ بکەین بەپێویستمانزانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵ سازبدەین. ئاسۆ: سەرەتا دەمانەوێت لەبارەی ئەم سێدییە نوێیەتەوە زانیاریمان پێ بدەیت.

شێرکۆ تاڵیب: سەبارەت بەم ئەلبومە نوێیە بەناونیشانی (وەرە هاوڕێم بە) ئەم بەرهەمە لەحەوت تراکت پێکدێت لەگەڵ پارچەیەك مۆسیقا، ئەم بەرهەمانە لەهۆنراوەی شاعیران محەمەد عومەر عوسمان و مەحوی لوتکەو د. فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی و ڕەنج سەنگاوی و هۆشیار عەبدوڵلاّ و لوقمان محەمەد ڕەشیدن.

ئاسۆ: ئایا ڤیدیۆ کلیپت بۆ هیچ یەکێك لەو بەرهەمانە نەکردووە؟ شێرکۆ تاڵیب: نەخێر، بەنیازم لەئایندەیەکی نزیکدا کلیپێك بۆ گۆرانی وەرە هاوڕێم بە بکەم لەگەڵ برای دەرهێنەر کاك سامان جەلال. ئاسۆ: یەکێك لەو قسانەی زۆر باوەو هونەرمەندان باسی دەکەن ئەوەیە هونەرمەندانی گەنج زیاتر بایەخ بە کلیپ دەدەن‌و ڕەچاوی ڕەسەنایەتی مۆسیکی کوردیی ناکەن، هەست ناکەیت ئەم ئیشکالییەتە بۆتە هۆی لەدەستدانی زەوق لای گوێگر ؟ شێرکۆ تاڵیب: من ناتوانم لەسەر بەرهەمی هیچ کەسێك قسەبکەم، بەلاّم دەتوانم بەشێوەیەکی گشتی قسە لەسەر کلیپ بکەم، کێشەیەك هەیە تا ئێستا خەڵك ڤیدیۆ لەڤیدیۆ کلیپ جیاناکاتەوە، ئەگەر ئێمە بێین باس لە ڤیدیۆ کلیپ بکەین کۆمەڵێك مکوناتی هەیە، ئەگەر بێتو ئەم گۆرانییە شیاوی ئەوە بێت کە بکرێت بە ڤیدیۆ کلیپ، چونکە ئەم گۆرانیانە زۆریان تەنانەت بەکەڵکی ڤیدیۆ کردنیش نایەن، چونکە لەهیچ ڕوویەکەوە ئامادەیی تیا نییە بۆئەوەی ئەم دەنگانە بکەیتەوە بەوێنە، پێدەچێ ئەم گۆرانیانە جوانییەکەیان لەوەدا بێ کە بەدەنگ گوێیان لێبگیرێ. ئاسۆ: تاچەند لەو کلیپانە ڕازیت کە لە ئەوروپاوە دەنێردرێنەوە بۆ کەناڵەکانی ئێرە ؟ شێرکۆ تاڵیب: بەڕاستی من چاودێر نیم، بەلاّم دەکرێت باشتر بکرێت لەبەرئەوەی لەزۆر ڕووەوە کەموکورتی هەیە کە پێدەچێ خەتای هونەرمەندان خۆشیان نەبێ، پەلە پروزەی کارکردن و دوورکەوتنەوەی ستافەکان لەیەکتری و نەبوونی کامێرای باش و دەرهێنەری باش دەبنە هۆی کەموکوڕیی. ئاسۆ: هەندێ لەهونەرمەندان بۆ بەرهەمهێنانی هونەریی، ڕوو دەکەنە تورکیا لێرەوە گۆرانییەکانیان تێکەڵ بە ئاوازی تورکی دەبێ بەجۆرێ تەنیا وشەکان بەکوردیی دەمێننەوە، ئایا ئەمەش کێشە نییە ؟ شێرکۆ تاڵیب: ئەگەر کەسێك لەهەر جێگەیەکی دنیا گۆرانییەك بکات ڕاستگۆیی ئەم گۆرانییە بەخۆیەوە دیارە، ڕەسەنایەتی خۆی خۆی هەڵیگرتووە کە پێدەچێ لەتێکستدا بێ یان میلۆدی ئەم بەرهەمەدا بێ یاخود لەدابەشکردنیدا، ئەگەر مۆسیقا ژەنەکانیش تورك بن ئەمە نۆتەیەو زمانی موسیقایە تۆ دەتوانی بۆیان بنوسیتەوە، دەکرێ دابەشکەر بتوانێ ئیتقانی ئەم کارانە بکات و بتوانێ بەو ئامێرانە ئەم کارانە ئەنجام بدات کە نزیکترین دەلالەتی مۆسیقی لە مۆسیقای ئێمەوە نزیك بێت. ئاسۆ: ئەگەر لە کوردستان کۆمپانیاو ستۆدیۆی لەو جۆرە دروست بکرێت کە ئێستا لە تورکیا هەیە پێتوا نییە دەتوانێ ئەم کێشەیە چارەسەر بکات؟

شێرکۆ تاڵیب: نەبوونی کۆمپانیا هونەرییەکان بۆ بەرهەمهێنانی هونەریی و تەلەفزیۆنی و نەبوونی ستۆدیۆکانی دەنگ وایکردووە هونەرمەندان بیر لە جێگایەکی تر بکەنەوە، لەبەرئەوەی کوالیتەی هومەرمەندانی چواردەوری ئێمە لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە، بۆیە هونەرمەندی کوردیش لە هیچ ڕوویەکەوە کەمتر نییە لەوان، بۆیە ڕوو دەکەنە ئەو جێگایانە بۆ تۆمارکردن، ئەگەرنا کۆمپانیای باش و ستۆدیۆی گەورە هەبێ پێموانییە بۆ کاری تۆمارکردن بیر لەوە بکەنەوە بچنە ئەوێ.ئاسۆ: ئێستا هونەرمەندان بۆ ئەنجامدانی کارە هونەرییەکانیان دەبێ ڕوو لە حیزب و دەسەلاّت بکەن و پارە لەوان وەربگرن، بەبڕوای تۆ بە چ ڕێگەیەك دەکرێ ئەمە کۆتایی پێبێت ؟

شێركۆ تاڵیب: هیوادارم كۆپیێ چارەسەر بكرێ، ئەو كاتە
هونەرمەند خۆی دەتوانێ لەڕێگەی بەرهەمە نوێیەكانی
خۆیەوە، خۆی دروست بكات و تۆمار بۆ خۆی بكات.

ستیڤان: یەكێك لەمەرجەكانی گۆرانییەكی بەهێز بوونی تێكستێكی بەهێزە، یان بەمانایەكی تر تێكست رۆڵی كارای هەیە لەسەرخستنی گۆرانیدا، تۆ لە هەڵبژاردنی شیعردا زۆر بەئاگای بەدەلیلی هەڵبژاردنی شیعرەكانی مەحوی و شاعیرە نوێگەرەكانی تر، دەكرێ بپرسم پێوانەی تۆ چییە بۆ هەڵبژاردنی شیعر، یان دەتەوێ لە كام ڕوانگەو مەكتەبی شیعریی تێكستێك هەڵبژێریت ؟ شێركۆ تاڵیب: ئێمە وەك میللەتێكی رۆژهەڵاتی، هەمیشە لایەنە هەستییەكانی تێكستمان پێویستە، ئەو لایەنانەی ئێمە پشوویەكی دەروونی پێدەدەین یاخود پێویستییەكانی ئێمە لەو شیعرانەدا ڕەهادەبن. لەڕاستیدا ئەو شیعرانە پێویستییەكانی ئێمەو گەنجانی ولاتەكەمانە كە وامان لێدەكات هەڵیانبژێرین تا بیانكەین بە گۆرانی پێشكەشیان بكەین. هەڵبژاردنی شیعر شتێكی بنەڕەتییە لە دروستكردنی بەرهەمێكی بەپێزدا، چونكە هۆنراوە هەوێنی گۆرانییەكی باشە، ئەگەر ئەم هەوێنە كەموكورتییەكی تێدابێ یاخود لەنگییەك لە داڕشتنەوەیەكدا هەبێ هەڵبەتە لەنگییەك لەبەرهەمە هونەرییەكەدا دروست دەكات. ستیڤان: ئەم پرسیارەم پرسیاری نوێگەرییە، ئێمە وەك كورد خاوەنی كەلەپورو فۆلكلۆرێكی دەوڵەمەندو گەورەین، ئەمە بەگەواهیی رۆژهەڵاتناسان و ئەو گەڕیدە بیانییانەی هاتوونەتە زێدمان. زۆربەی مێژوونووسانیش ئاماژە بۆ دەوڵەمەندیی ئەم كەلەپورە دەكەن، ئێمە چۆن دەتوانین هونەرێكی گۆرانی هاوچەرخ بەرهەمهێنین لەسەر بنەمای ئەم كەلەپورە، یان دەتوانین ئەم كەلەپورە تێكەڵ بەهونەری نوێ بكەین لەچەشنی رۆك و پۆپ و مۆركی خۆشمانی تێداون نەكەین ؟

شێركۆ تاڵیب: بابەتی گۆرانی وتن و بابەتی هێنانەوەی ئەوەی كە گۆرانی ئێمە، ڕەسەن بێ، زۆرجار لێمان تێكدەچێ لەبەینی فۆلكلۆرو نوێگەریی و گۆرانی تازەو كۆندان لەراستیدا فۆلكلۆر بۆ خۆی شتێكی زۆر جوانە، دەكرێ خەڵكانێكی باش كار لەم لایەنەدا بكەن و دەكرێ كەسانێكی تریش هەبن لەبەرامبەردا كاری تازە بكەن، لەبەرئەوەی ئەگەر ڕابردووی ئێمە ئەم شتانە بووبێ، ئەم فۆلكلۆرە جوانە بێ كەواتە دەبێ ئایندەیەكی جوانیشمان هەبێ كە بنەڕەتەكەی داڕشتنەوەی ئەم فۆلكلۆرانەبن لەقاڵبێكی نوێدا، لەتێكستێكی نوێدا، لەچوارچێوەیەكی تازەترو جوانتردا، و بەكارهێنانی ئەو ڕیتمانەی ئێستا لەگەڵ سەردەمدا دەگونجێن و دابەشكردنی ئەم بەرهەمانە بە شكڵێكی تازەتر. هەروەها پێموایە چەند خزمەت بەفۆلكلۆر و ڕابردوو دەكرێت، دەبێ ئەوەندەش و زیاتریش خزمەت بە هونەری نوێ بكرێت. ستیڤان: لەپرسیاری نوێگەرییدا دەمێنمەوە، دەبینین زۆربەی گۆرانییەكانی ئەمرۆ بەهەمان ستایڵ و چڕینی كۆن دەوترێنەوە سەیری مەقامی سێگاو حیجازو ئەلۆەن بكە بچووكترین گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە و تا ئێستا وەك خۆیان و بەبێ دەستكاریی دووبارە دەوترێنەوە، تۆ پێتوانییە ڕەوتی تەقلیدیی و باو ئاراستەی هونەری كوردیی بەدەستەوەیە نەك نوێگەریی، دەكرێ بپرسین لەم فەزایە دا كەشتی نوێگەریی لەكوێی ئەم هونەرەدا لەنگەری گرتووە؟

شێركۆ تاڵیب: جوانترین بابەت لە هونەردا ئازادكردنی هونەرمەندە، هونەرمەند ئازاد بێت لەو پێویستی و خەمانەی ناوەوەی خۆی كە بیانخاتە سەر كاسێت یان سیدی. بەڵام كێشەكە لەوەدایە ڕابردوو و فۆلكلۆرو ئایندە بخرێنە چوارچێوەیەكەوە و لەقاڵبێكدا بیانبینیت كە دەبێ ئەم قاڵبەی هەبێ ئنجا هونەرێكی نەتەوەییە یان شتێكی ڕەسەنە و تایبەتە بەنەتەوەی ئێمە، بەراستی ئەمە كێشە بۆ هونەرمەند دروست دەكات. پێموایە دەكرێ ئەم مەقامانە لەسەر شكڵی تازەش بوترێن و تێكستی تازەیان بۆ دابنرێ، بەجۆرێك لەجۆرەكان نوێگەریی بكرێتە بەریان جا وەك مەقام خۆی بێت یان توانەوەی لەسەر بەستەیەكی نوێدا كە سەر بەم دەزگاو مەقامانە بن. ستیڤان: ڤیدیۆ كلیپ ڕەگەزێكی هەرە گرنگی گۆرانی ئەمرۆو هاوچەرخە، تۆ لەكاری ڤیدیۆ كلیپ دا ستایلێی جیاوازت هەیەو لە هونەرمەندانی تر لەمڕووەوە جیاوازیت، بۆ نموونە تۆ كلیپی ڕەش و سپی (فلاشباگ)ت هەیە، دەكرێ بپرسم كلیپ لای تۆ بۆ دورست كردنی بازاڕە یاخود بەشێكە لە پێویستی و ستراكتۆرەكانی گۆرانی نوێ؟ شێركۆ تاڵیب: هەڵبەتە من لەگەڵ ئەوەنیم شیعر چی دەڵێ تۆ بیكەیتە وێنە، بەڵكو مەبەستم لەوەیە ئەگەر ڤیدیۆ كلیپێك بكرێت بەڕەش و سپی هەڵبەت بانگ كردنێك هەیە بۆ گەرانەوە بۆ سادەیی و ساكاریی مرۆڤ، بۆ ئەو جێگە بێگەردانەی كە مرۆڤ پیایدا تێپەڕی، جۆرێك لەسادەیی نیشان بدەین لە ڤیدیۆ كلیپێكدا وەك چۆن لەتێكستەكەدا، و وەك چۆن لە وتنەكەدا، وەك چۆن لە ئاوازەكەدا ئەم حاڵەتانە بەرجەستە بووە. بۆیە مەبەستی من لە ڤیدیۆ كلیپ كردنی گۆرانی (تەنیا وەرە) ئەو مەبەستەیە گەڕانەوەیە بۆ سادەیی و ساكاریی مرۆڤ. ستیڤان: لەگۆرانی تازەی كوردیدا تەركیزێكی زیاتر لەسەر ڤیدیۆ كلیپە لەچاو گرنگیدان بەئاوازو تێكست و میوزیك ئەم حاڵەتە لای گەلانی چواردەوریش وەكو تورك و عەرەب زاڵە، من پرسیارەكەم ئەوەیە پشتگوێ خستنی ڕەگەزو پێكهێنەرەكانی تری گۆرانی و بەهەند وەرگرتنی یەكەمی كلیپ جۆرێك نییە لەبەدحاڵی بوون لەمانای فراوان و گشتگیری گۆرانی ؟شێركۆ تاڵیب: ئەگەر ئەم كلیپانە زیاتر لە مۆسیقاو ئاوازو تێكستیان بۆ كرابێ بەڵێ ئەو قسەیەی تۆ تەواوە، بەڵام ئەگەر لەكاتێكدا تێكست و مۆسیقاو

هەموویان لەیەك ئاستدا بن كارێكی تەواوە. لەراستیدا هاتنەكایەی ڤیدیۆ كلیپ لەتەواوی دنیادا بۆ بەبازار كردنی ئـەم بەرهەمانەیـە. هیـوادارم لـەوڵاتی ئێمە قۆناغەكان ببڕدرێت ئنجا ئەوكاتە بەبازاڕكردنی ڤیدیۆ كلیپ بێتە كایەوە، پێموایە ڤیدیۆ كلیـپ ڕەگـەزێكی بنەڕەتییـە لـەپێكهێنانی گۆرانییەكـدا، بەتایبەتی ئەگەر ئەم گۆرانییە گۆرانییەكی تاك بێت و سەر بەئـەلبومێك نـەبێت. ڤیـدیۆ كلیـپ بـۆ بـازاڕكردنی گـۆرانی كـارێكی پێویـستە بـەڵام لـەهیچ ڕوویەكی هونەرییەوە كەمییان نەبێ، كەمییەك نەنوێنرێ لەپێناو بە بازاڕكردنی ئەم بەرهەمانە. هونەر بۆ هونەر بـێ لەدوایـدا ئەگـەر بـازاڕێكیش هـەبێ شتێكی باشە.